

سنوور جاف

راهێنەری لەشجوانی خانمان:

# دەمەوێت تیپێک لە کەسانی نەخۆش دروست بکەم

ماوەی چەند ساڵێکە وەرزشی لەشجوانی و لەشڕێکی و هێزی لەش لە شارەکانی کوردستان بەرەو گەشەسەندن دەچێت، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و خانمانی شارەکانی کوردستان کە گرنگیی زۆر بەم وەرزشە دەدەن، رەنگە لە ماوەی داهاتوودا ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار بە رێژەیەکی زۆر رووی تێدەکەن، لە ئێستادا هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین ئافرەتی بەتوانان لەم وەرزشە، یەکێك لەو خانمە راهێنەر و یاریزانانەش سنوور جافە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ی پارێزگاری سلێمانییە و دەرچووی بەشی کارگێڕیی یاسایە و خاوەنی بڕوانامەی لەشجوانی و دادەوەری و زۆمبای تۆنین و فریاگوزاریی سەرەتاییە، پێشتریش یاریی بۆ تیپەکانی سیروانی نوێ و دەربەندیخان کردووە، ئێستاش لە شاری سلێمانی خاوەنی هۆڵی چوارچرایە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو خۆت لە جیهانی ئەم وەرزشەدا دۆزییەوە؟**

-بەهۆی نەخۆشیمەوە ئەو یارییە منی هەڵبژارد، چونکە دوو جۆرە نەخۆشیم هەبوو، زۆر پزیشك گەڕام سوودی نەبوو، بەڵام لە ڕێگای هاوسەرەکەمەوە کە ڕاهێنەری لەشجوانییە، ڕۆژێك منی بردە هۆڵی پیاوان تا لەژێر چاودێریی خۆیدا وەرزش بکەم، ماوەی چەند ساڵێك بەردەوام بووم و سودی زۆرم لێ وەرگرت، تا وای لێهات هیچ چارەسەرێك بەکارنەهێنم.

*** ئایا ئەم وەرزشە بۆ خانمان وەرزشێکی قورس نییە کە ئێوە هەڵتان بژاردووە؟**

- بە بۆچوونی من قورس نییە، من ڕاهێنەری لەشجوانیم، بەڵام خۆم پاڵەوانی هێزی لەشم، زۆریش حەزم بە بەرزکردنەوەی قورساییە، چونکە وا هەست دەکەم لەشم گونجاوە بۆ ئەمە.

*** چۆن لە یەك کات دوو وەرزشی قورسی هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی دەکەیت؟**

-ڕاهێنەری لەشجوانیم، بەڵام پاڵەوانی هێزی لەشم کە پێم وابێ لە هەردوو بوارەکە سەرکەوتووم، بڕوانامەی دادوەریی لەشجوانیشم لە لقی سلێمانیی یەکێتیی لەشجوانی هەیە.

*** ئێستا خۆت یەکێکی لە ڕاهێنەرانی ئەم یارییە،ئایا پێشوازیی خانمان لەم یارییە لە چ ئاستێکدایە؟**

-من پێم وایە لە ئێستادا زۆر باش بەرەوپێش چووە و کچان بە شێوەیەکی باش پێشوازییان لەم وەرزشە کردووە، بەتایبەتی بۆ کوڕان پێشوازییەکی باشی بەخۆیەوە بینیوە.

***ئاستی یاریی لەشجوانی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-زۆر بە باشی دەبینم و زۆر پەرەی سەندووە، خاوەنی چەندین پاڵەوانین، پەنا بەخودا لە داهاتوو بۆ پاڵەوانیەتییەکان بەرەو دەرەوەی وڵات هەنگاو دەنێین.

*** بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- من پێم وایە ئەوە ئەرکی خۆیانە باوەڕیان بەخۆیان هەبێت تا بێنە نێو ئەم وەرزشەوە، باوەڕ بەخۆبوون خاڵی سەرکەوتنە.

***بەرنامەت وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتوو چییە؟**

-دەمەوێت تەنیا خزمەت بکەم بە یاریزانان بەبێ جیاوازی، بە تایبەت ئەوانەی نەخۆشن، تا پێیان بلێم هیواتان بۆ ژیان هەبێت و وەرزش بکەن بە پیشەی ڕۆژانەتان، بۆ ئەوەی بەسەر نەخۆشییەکانتاندا زاڵ بن.

*** لە چەند پاڵەوانێتی بەشداریت کردووە و بۆ داهاتوو چاوت لە چییە؟**

- بەشداریم لە دوو پاڵەوانێتیی کوردستاندا کردووە و ئەنجامی باشم بەدەست هێناوە، لە بەرنامەمدا هەیە کە بەشداریی پاڵەوانێتییەك بکەم لە شاری گلاسگۆی وڵاتی بەریتانیا بۆ هێزی لەش، وەکو یەکەم ئافرەتی کورد بەشداری دەکەم و بە ناوی کوردیشەوە بەشدار دەبم، لە ڕێگەی کونسلگەریی وڵاتی بەریتانیاوە بانگهێشتنامەم بۆ هاتووە، پەنا بەخودا بەشداری دەکەم و سەرکەوتوو دەبم.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- تا ئێستاش هانی کچان نادرێت وەرزش بکەن، یان لەلایەن خێزانەکانیانەوە هان نادرێن و ڕێیان پێ نادرێت بڕۆن بۆ وەرزشکردن، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەریت و کولتوورەی باڵی بە سەر کۆمەڵگەدا کێشاوە.

***کێ لە بواری وەرزشی زۆر هاوکاریت دەکات؟**

-تەنیا هاوسەرەکەم پشتگیری و هاوکاری کردووم بۆ ئەم دوو بوارە، دەتوانم بڵێم سەرکەوتنەکانم دەگەڕێنەوە بۆ ئەو.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە کە بگەمە لوتکەی سەرکەوتن و بتوانم بچمە دەروە بۆ پاڵەوانێتی بۆ بواری ڕاهێنەری، یان دادوەری، تا بە هەموو جیهان بڵێم ئافرەتی کورد هیچی لە ئافرەتانی جیهان کەمتر نییە.

***وەکو ڕاهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان دروست بکەی؟**

-نیازی ئەوەم هەیە کە ئەگەر لەلایەن ئافرەتانەوە هاوکاری بکرێم، ئەوا جیاواز لە هەموو تیپەکانی دیکە دەمەوێت تیپێك دروست بکەم لەو ئافرەتانەی کە نەخۆشن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پشتگیریکردنی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان.

# ئەلڤێس پێشکەش بە هاندەرانی ساوپاولۆ کرا

بە ئامادەبوونی هەزاران هاندەر و بەشێوەیەکی جیاواز و سەرنجڕاکێش، یانەی ساوپاولۆی بەرازیلی دانی ئالڤێش، یاریزانی نوێی یانەکەی بە هاندەران ناساند.

بەرگریکارەکەی پێشووی یانەکانی، ئەشبیلیە، بەرشلۆنە، یوڤانتوس و پاریس سانت جێرمان، لە یاریگەی مۆرۆمبی لەلایەن زیاتر لە ٤٠ هەزارهاندەرەوە پێشوازییەکی گەورەی لێکرا و درێسی ژمارە ١٠ـی یانەکەی وەرگرت.

لە کاتی ناساندنی ئالڤێش بە هاندەران، هەریەکە لە ریکاردۆ کاکا و لویس فابیانۆ، ئەستێرەی پێشووی بەرازیل و یانەکەش ئامادەبوون و درێسی ژمارە ١٠ـی یانەکە لە لایەن کاکاوە درایە کاپتنی هەڵبژاردەی بەرازیل.

لە نێو یاریگەدا نامەی پیرۆزباییەکانی بەشێکی زۆری ئەستێرەکانی بۆ پەیوەندیکردنی ئالڤێش بە ساوپاولۆ پێشاندران، لە نێویاندا لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی بەرشلۆنە و هاوڕێی ئەو یاریزانە.

ئالڤێش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا گوتی، ئەو خەونی منداڵیم بوو و هاتەدی، من پەیوەندیم بە زۆر یانەی گەورە کردووە، بەڵام خەونی گەورەم لێرەیە و خەونەکەم هاتەدی بۆ ئەوەی بەدرێسی ئەم یانەیەوە یاریی بکەم.





# کاپتنەکەی ئەرسناڵ رویکردە بۆردۆی فەرەنسی

لۆران کۆسێلنی بەفەرمی دوای ٩ ساڵ ریزەکانی ئەرسناڵی بەجێهێشت و پەیوەندی بە ریزەکانی بۆردۆی فەرەنسیەوە کرد.

لۆران کۆسێلنی بەرانبەر ٦ ملیۆن یۆرۆ لە ئەرسناڵەوە گواسترایەوە بۆردۆی فەرەنسی، کە ئەو بەرگریکارە فەرەنسییە لەوەتەی ساڵی ٢٠١٠ـەوە لە ریزەکانی ئەرسناڵی ئینگلیزی یاریی دەکرد.

کۆسێلنی، کە لە سەرەتای ئەم هاوینەوە ئامادە نەبوو بەشداریی یارییە ئامادەکارییەکانی ئەرسناڵ بکات، لە ماوەی نۆ ساڵ ٣٥٣ یاری بۆ ئەرسناڵ ئەنجام دا و ٣ نازناوی جامی فای لەگەڵ یانەکە بەدەستهێنا، کە وەرزی رابردوو ئۆنای ئێمری کردییە کاپتنی تیپەکەشی.

کۆسێلنی ٣٣ ساڵان داوای لە یانەکەی کردبوو لە بەرانبەر نۆ ساڵی خزمەتکردنی بەخۆڕایی رێگای بدەن بڕوات، بەڵام ئەرسناڵ رەتیکردەوە و بەرانبەر دەستبەرداربوونیان ٦ ملیۆن یۆرۆیان وەرگرت.

# ڕۆنی
# گەڕایەوە خولی ئینگلیزی



یانەی دێربی کاونتی ئینگلیزی بەشێوەیەکی فەرمی گواستنەوەی واین ڕوونی ڕاگەیاند و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە گواستنەوەی زستانە پەیوەندی بە یانەکەیان دەکات.

یانەی دێربی کاونتی، کە لە خولی پلەیەکی ئینگلیزی یاری دەکات لە بەیاننامەیەکدا بڵاوی کردۆتەوە، کە لەگەڵ واین ڕوونی هێرشبەری ئینگلیزی یانەی دیس یونایتدی ئەمریکی گەیشتووینەتە ڕێککەوتن، کە بە گرێبەستێکی دوو وەرز لە گواستنەوەی زستانە وەك یاریزان و بەشێك لە ستافی ڕاهێنەران ڕوودەکاتە دێربی کاونتی.

لەمبارەیەوە، واین ڕوونی ٣٣ ساڵ لە لێدوانێکدا دڵخۆشی خۆی پیشاندا، کە لە دەرگەی یانەی دێربی کاونتی دەگەڕێتەوە خولەکانی ئینگلیزی، دەشڵێت: دڵنیام دەتوانم هاوشانی فلیپ کوکوی بەڕێوەبەری هونەری یانەکە خزمەتێکی باش بە دێربی کاونتی بکەین، ئەوەی زیاتر دڵخۆشم دەکات، کە یەکەمین ئەرکی ڕاهێنەرایەتیشم لەگەڵ هەمان یانە دەستپێدەکەم و ئەزموونێکی باش دەبێت بۆ من.

لە لایەکی دیکەیشەوە، ڕوونی بەڵێنی بە هاندەرانی یانەی دیس یونایتدی ئەمریکی دا تا ئەم ماوەیەی لەگەڵیان دەبێت هەموو هەوڵێك بۆ سەرخستنی یانەکە بدات و ڕزگاریان بکات لە قۆناخی پلەی ئۆفی خولی ئەمریکا.

لە بەرانبەردا فلیپ کوکو، کە لەم هاوینە شوێنی فرانك لامپاردی گرتەوە بووە بەڕێوەبەری هونەری دێربی کاونتی، لە لێدوانێکدا دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێت، کە یاریزانێکی بەهرەمەندی وەك واین ڕوونی ڕوودەکاتە یانەکەی، دەشڵێت: دڵنیام واین ڕوونی دەبێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ یاریزانەکانمان و لە ڕووی هونەری و پێکهاتە و ڕێکخستنی ژووری جلگۆڕین و یاریزانانی سەر کورسی یەدەگیش سوودێکی باشی بۆ یانەکە دەبێت.

واین ڕوونی لە هاوینی ٢٠١٨ لە یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی بە گرێبەستێکی ئازاد بە ١٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ یانەی دیس یونایتدی ئەمریکا گواسترایەوە، لە یەکەمین وەرزی لە خولی ئەمریکا لە کۆی ٢٥ یاری ١٣ گۆڵ و ٧ ئاسیستی تۆمار کردووە.



# لیڤەرپوول یاریزانێکی لاوی بەخواستن فرۆشت

یانەی لیڤەرپوول ڕۆیشتنی یاریزانە نێجیرییە لاوەکەی خۆی بەشێوەی خواستن بۆ یانەی ماینزی ئەڵمانیا بەڕێکرد.

هەفتەی ڕابردوو لیڤەرپوول لە بەیاننامەیەکدا، کە لەسەر ماڵپەری یانەکەی بڵاویکردووە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە تایۆ ئۆنیجی نێجیری بەشێوەی خواستن بۆ یەك وەرز پەیوەندی بە یانەی ماینزی ئەڵمانیا دەکات.

تایۆ ئۆنیجی تەمەن ٢١ ساڵ، سێ ساڵ لەمەوبەر لە خولی بەلژیکاوە بە ٤ ملیۆن یۆرۆ ڕوویکردە لیڤەرپوول، بەڵام هێشتا لەگەڵ تیپی یەکەمی لیڤەرپوول هیچ یارییەکی نەکردووە و لیڤەرپوول بە خواستن لە ساڵانی ڕابردوو دابوویە خینتی بەلژیکی و فرانکفۆرتی ئەڵمانی، بۆ وەرزی نوێش دیسان لیڤەرپوول بەشێوەی خواستن ئەو یاریزانەی بەڕێکرد، دوای ئەوەی تایۆی نێجیری لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە مۆندیالی لاوان ئاستێکی سەرنجڕاکێشی پێشکەش کرد.

# شاجوان جەبار: چاومان لە نازناوی فوتساڵی کوردستانە



تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی وەرزشی سیروانی نوێ ئەمساڵ لە خولی نایابی کچانی فوتساڵی کوردستان توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و بگەنە فیناڵی خولەکە، یەکێك لە ئەستێرەکانی ئەو تیپەش (شاجوان جەبار)ی گۆڵپارێزی فوتساڵی یانەکە بوو، کە بە ئاستە بەرزەکەی توانی تیپەکەی بگەیەنێتە یاریی کۆتایی و لە یاریی فیناڵیش توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و تیپەکەی لە دۆڕان رزگار بکات، هەرچەندە یاریی کۆتایی بەهۆی شەڕ و ئاژاوەوە تەواو نەکرا و بۆ کاتێکی نادیار دواخرا. لەم بارەشەوە شاجوان جەبار گۆڵپارێزی فوتساڵی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی فوتساڵ لە چاو ساڵانی پێشتر پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە، کردنەوەی ئەم خولانەش گرنگیی زۆری هەیە، چونکە یاریزان زیاتر هەوڵ دەدات تا تواناکانی دەربخات، هیوادارم ئەم خولانە بەردەوام بێت»، لە بارەی ئاستبەرزیی خۆشیەوە گوتی: «ئاستبەرزیی من دەگەڕێتەوە بۆ هیلاکی و ماندووبوونی راهێنەرەکەم مامۆستا عەباس فەرەج کە هەموو کات پاڵپشتم بووە و متمانەی زۆری پێم بووە، هەر ئەمە وام لێدەکات ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم»، لەبارەی تەواونەکردنی یاریی کۆتاییش گوتی: «بەداخەوە هاندەرانی یانەی چۆمان بوونە هۆکاری ئەوەی کە یاریی کۆتاییمان تەواو نەکرا، هیوادارم بۆ یاریی داهاتوو یارییەکە بە شێوازێکی رێکوپێکتر بەڕێوە بچێت، وەکو گۆڵپاریزیش ئەمساڵ لە خولی فوتساڵی کوردستان کەمترین رێژەی گۆڵم لێ تۆمارکراوە، وەکو گۆڵپارێز و یاریزانانی یانەکەشمان هەموومان چاومان لە نازناوەکەیە بۆ ئەوەی ئەم نازناوە بگەڕێنینەوە شاری سلێمانی.»

# دوای چاوەڕوانییەکی زۆر کوڕانی تۆپی سەرمێزی کۆیە گەیشتنە پلەنایابەکانی عێراقی

تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشیی کۆیە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر گەیشتنە ریزی یانە نایابەکانی عێراقی، دوای ئەوەی لە قۆناخی یەکەمی خولەکە لە شاری سلێمانی توانییان بۆ پلەی دووەم سەربکەون، لە قۆناخی کۆتایی خولەکەش کە لە شاری بەغدا بەڕێوەچوو، کوڕانی کۆیە توانییان بە ئاستێکی بەرز لە یارییەکانی خولەکە بەدیار بکەون، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری کە بە ئاست و بە ئەنجام توانییان دوای چاوەڕوانییەکی زۆر خۆیان وەکو نوێنەری یانەکانی کوردستان بگەینە ریزی یانە پلە نایابەکانی عێراق، لە قۆناخی کۆتاییش کوڕانی کۆیە توانییان چوار سەرکەوتن لەبەرامبەر هەریەك لە یانەکانی ناسریە و ئیتیحادی بەسرە و رەفاعیە و شەباب بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە ئارام کەریم راهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی کۆیە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە قۆناخی یەکەم لە کۆی (٣٠)یانەی بەشداربوو لە سەر ئاستی عێراق، توانیمان خۆمان بگەیەنینە قۆناخی کۆتایی، لە قۆناخی کۆتاییش لە کۆی هەشت یانەی بەهێزی عێراق توانیمان بە شانازییەوە وەکو نوێنەری یانەکانی کوردستان بگەینە پلە نایابی عێراق و پلێتی سەرکەوتن بەدەست بهێنین.» گوتیشی: «یاریزانانی کۆیە بە رۆحییەتی بەرز و بەرزکردنەوەی ناوی شارەکەیان لەسەر ئاستی عێراق هاتبوون بۆ شاری بەغدا و توانییان ئامانجەکەیان بپێکن، سوپاسی ماندووبوونی یاریزانان و کارگێڕیی یانەکە دەکەم کە هاوکارمان بوون، هەموو هەوڵێکیش دەدەین کە بۆ قۆناخی پلە نایابەکانیش لە ناو یانەکانی عێراق ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و هەوڵ بۆ ئەنجامی گەورە دەدەین.»





# هەولێر یاریزانە بەڕازیلییەکانی بەڕێکرد و گرێبەستی دیکە دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر دوای ئەوەی ئەمساڵ توانی لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراق رکابەری بکات، پلەی هەشتەمی بەدەستهێنا، لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەکرەم سەلمانی راهێنەری یانەی هەولێر دوای تەواوبوونی ئەم وەرزەی خولەکە، بە کارگێڕیی تیپەکەی گوتووە کە ئەو سوود لە توانای ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە نابینێ، وەرزی رابردووش کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی یانەکەی، بۆ بەهێزکردنی هێڵی هێرشبەری یانەکەی گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانانی پیشەگەری بەڕازیلی (تیاگۆ و مارسیال) مۆرکردبوو، بەڵام هەردوو یاریزانەکە تەنیا نۆ گۆڵیان لە خولەکەدا تۆمارکرد، تیاگۆ سێ گۆڵ و مارسیال شەش گۆڵ، بۆ وەرزی نوێی خولەکەش لەسەر فەرمانی ئەکرەم سەلمانی راهێنەر یانەی هەولێر گرێبەستی ئەم دوو پیشەگەرە بەڕازیلیەی نوێ نەکراوەتەوە، کارگێڕیی یانەی هەولێر لە ئێستاوە پلانی تۆکمەی داناوە بۆ بەهێزکردنەوەی یانەی وەرزشیی هەولێر، بۆ ئەوەی بتوانن لە وەرزی نوێ خولەکەدا لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی رکابەری لەسەر ئەنجامی گەورە بکەن، تاوەکو یانەکەش ببێتە ژمارەیەکی گەورە لە خولی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە بەڵێنی داوە گرێبەست لەگەڵ چەندین یاریزانی ئاستبەرز مۆربکات.